# بنچینەو بنەماکانی
# دیموکراسی

ناوی کتێب: بنچینەو بنەماکانی دیموکراسی
وەرگێڕانی: ڕەحمان ئەمیری
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: بەختیار ئەوڕەحمان
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم - سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
Kteb@serdam.org
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٣٥٨)
ساڵی٢٠١١ ی پێ دراوە

سەرچاوە:

www.Amerca.ga//st/democracy-persian

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

# بنچینەو بنەماکانی
# دیموکراسی

وەرگێڕانی

ڕەحمان ئەمیری

سلێمانی -٢٠١١

زنجیره كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
كتێبی گیرفانی ژمارە (١١٢)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

## پێشەکی

ئەگەرچی لە جیهانی هەنووکەدا (دیموکراسی) چەمکێکی باوە، پێناسەکردنی ڕەنگە کێشەخولقێن بێت، ئەم بابەتە بە پێشکەشکردنی وێنەیەکی گشتی لە دیموکراسی دەست پێ دەکات، داوای ڕاڤەی لایەنە تایبەتییەکانی حکومەتێکی دیموکراتیک بە بابەتگەلی جۆراوجۆر دەکات، کۆی ئەم بابەتە، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی زۆرینەی هزرڤانەکانو هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەن کە لەژێر سایەی وەها سیستمێکی دیموکراتیکدا گەشەو نمایان کردووە.

دیموکراسی هەڵقولاوە لە وشەی یۆنانی (دێموس)، کە بە واتای (خەڵک) دێت، لە حکومەتە دیموکراتیکەکاندا، ئەوە خەڵکن کە بەسەر یاسادانەرو حکومەتدا زاڵن، هەرچەندە هەندێک جیاوازیی لەنێوان حکومەتە جۆراوجۆرەکان لە جیهاندا وەبەرچاو دەکەوێت، هەندێک بنەماو شێوازگەلی تایبەتیی حکومەتە

دیموکراتەکان لە زۆربەی حکومەتەکانی دیکە جیادەکاتەوە.

# دیموکراسی چییە؟

– دیموکراسی حکومەتێکە کە هەموو شارۆمەندانی، چ ڕاستەوخۆو یان چ ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێراویان، کەڵکیان لە دەسەڵات وەردەگرنو ئەرکە مەدەنییەکانیان جێبەجێ دەکەن.

– دیموکراسی کۆمەڵێک بنەماو میتۆدە کە بەرگریی لە ئازادیی مرۆڤ دەکات، دیموکراسی بنەجێکرانی ئازادییە.

– دیموکراسی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی زۆرینەو پاراستنی مافە تاکە کەسییەکانو کەمینەکان ڕەنگرێژ کراوە، هەموو دیموکراسییەکان لەگەڵ ڕێزگرتن لە خواستی زۆرینە، پارێزەری تووندوتۆڵیی مافە سەرەکییەکانی خەڵکو هەروەها گروپە کەمینەکانە.

- دیموکراسییەکان چاودێریی پێکهاتنی حکومەتە ناوەندییە بەهێزەکانو بە ئامانجی ناکۆجێی هەوڵ دەدەن کە دەسەڵاتەکە لەنێو

وڵاتدا بەسەر هەرێمو ناوچە جیاجیاکانیدا دابەش بکەن.

- دیموکراسییەکان دەزانن کە یەکێکی دیکە لە کارکردە سەرەکییەکان، بەرگریی لە مافە سەرەتاییەکانی وەک ئازادیی بەیان، ئازادیی ئایین، مافی وەکو یەک لە بەهرەمەندبوون لە یاسا، ڕێگادان بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبەری کاروبارە سیاسیو ئابووریو کلتوورییەکانی کۆمەڵگایە.

- دیموکراسییەکان بەشێوەی ڕێکوپێک هەڵبژاردنی ئازادو عادلانە بەڕێوە دەبەن کە هەموو هاوڵاتییان مافی بەشداریکردنیان تێدا هەیە، لە دیموکراسیدا هەڵبژاردن ناتوانێت تەنیا ڕواڵەتی بێت کە دیکتاتۆرەکان یان حیزبێکی تایبەتیی خۆی لە پێستیدا حەشار دابێت، بەڵکو هەڵبژاردن ململانێیەکی ڕاستەقینەیە لە هەمبەر ڕاکێشانی پشتگیریی زیاتری خەڵک.

- دیموکراسی حکومەتەکان یاسامەند دەکاتو گەرەنتی ئەوە دەکات کە گشت هاوڵاتیان لە پشتگیریی یەکسانی یاسا بەهرەمەند بن، دەزگا یاساییەکان بەرگریی لە مافە یاساییەکانیان بکات.

– ديموكراسييەكان جياوازييان هەيەو هەركام لەوانە بەيانگەری هەلومەرجی سياسیو كۆمەڵايەتیو كلتووريی تايبەت بە نەتەوەی خۆيانن، بەڵام ديموكراسييەكان هەموويان لەسەر بنەمای كۆمەڵێك بنچينەی سەرەكی دارێژراوە، نەك لەسەر شێوازگەلی بەرامبەر.

– لە حكومەتێكی ديموكراتيكدا، هاوڵاتيان نەك هەر مافيان هەيە، بەڵكو ئەركە لەسەريان كە بەشداريی سيستمە سياسييەكان بكەن كە بەرگريی لە مافو ئازادييەكانيان دەكات.

## حکومەتی زۆرینە، مافەکانی کەمینە

لە ڕواڵەتدا بنەمای حکومەتی زۆرینەو بەرگریی لە مافەکانی هاوڵاتیانو کەمینەکان، دوو بابەتی لە یەک جیاواز، بەڵام ئەم بنەمایە لە ڕاستیدا ستونگەلێکی دوو لایەنەن کە هەموو پایەکانی کە پێی دەڵێن حکومەتێکی دیموکراتیک پێک دەهێنێت، حکومەتی زۆرینە، شێوازێکە بۆ ڕێکخستنی حکومەتو بڕیاردان لەمەڕ پرسە گشتییەکان، نەک ڕێکارێک بۆ سەپاندنی زوڵمو چەوساندنەوە، هەر بەو جۆرەی کە هیچ گروپێک مافی ئازاردانی خەڵکانی دیکەی نییە، هیچ زۆرینەیەک تەنانەت لە دیموکراسیشدا، نابێت مافو ئازادییە سەرەکییەکانی تاکێک یان گروپێکی کەمینە لەژێر پێ بنێت.

– کەمینەکان چ بەهۆی نەتەوەیی، یان باوەڕە ئاینییەکان، یان هەڵکەوتەی جوگرافیایی، ئاستی داهات یان بەهۆی سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنەکان، لە مافە سەرەکییە گەرەنتییەکان

بەهرەمەندن، کە هیچ دەوڵەت یان گروپێکی زۆرینەی هەڵبژێراو... مافی سەندنەوەیان نییە.

- کەمینەکان هەموو دەبێت دڵنیابن کە حکومەتەکان بەرگریی لە مافەکانیانو شۆناسیان دەکات، کاتێک ئەم دڵنیاییە هاتە گۆڕێ، ئەم گروپانە دەتوانن لە دامەزراوە دیموکراتیکەکانیاندا بەشداریی بکەنو کاریگەرییان لەسەریان هەبێت.

- بۆ وێنە ئەو مافە سەرەکییانەی کە هەر حکومەتێکی دیموکراتیک دەبێت بەرگرییان لێ بکات، دەتوانین ئاماژە بە ئازادیی ئایینو باوەڕمەندی، یەکسانی لە پشتگیریی یاساو ئازادیی بەیان، جیابیری، بەشداریی تەواو لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگا بکەین.

- دیموکراسییەکان دەزانن کە بەرگریی لە مافەکانی کەمینەکان بە مەبەستی پاراستنی شۆناسی کلتووریی، دابونەریتە کلتوورییەکان، باری دەروونیی تاکە کەسییەکان، چالاکییە ئایینییەکان، بەشێک لە ئەرکە سەرەتاییەکانیانن.

پرسەکانی پەیوەندیدار بە شەڕو ئاشتی، گرنگترین پرسگەلن کە نەتەوەیەک لەگەڵی

ڕووبەڕوو دەبێت لە کاتی قەیراندا، زۆرێک لە نەتەوەکان بۆ ڕابەرایەتی پشت بە هێزە سەربازییەکان دەبەستن، بەڵام لە دیموکراسیدا بەمجۆرە نییە، لە دیموکراسییەکاندا شەڕو ئاشتیو مەترسییەکانی دیکە دژی ئاسایشی نەتەوەیی بە گرنگترین پرسەکان لەقەڵەم دەدرێن کە کۆمەڵگا لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لە ئاکامدا خەڵک دەبێت لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیانەوە لەمەڕ وەها پرسگەلێک بڕیار بدەن، سوپایەکی دیموکراتیک خەڵکەکەی خۆی ڕێبەری ناکات، بەڵکو خزمەتی پێ دەکات، ڕێبەرانی نیزامی بڕیاراتی ڕێبەرانی سیاسیی دیکە جێبەجێ دەکەن، تەنیا ئەو کەسانەی کە هەڵبژێردراوی خەڵکن مافی بەرپرسیارێتیی بڕیاردان لەمەڕ چارەنووسی گەلیان هەیە، لە ئاکامدا ڕێبەرایەتییەکی سیاسی لە سەرەوەی ڕێبەرایەتیی سەربازییەکە، ئەمە خۆی یەکێکە لە بنەما پێویستەکانی دیموکراسی.

کەسایەتییە سیاسییەکان دەبێت هێزە نیزامییەکانی وڵاتەکەیان ڕێبەرایەتی بکەنو لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکانو بەرگری بڕیار بدەن نەک بەو هۆیەی کە لە سەرکردە سەربازییەکان بەتواناترن، چونکە ئەوان نوێنەرانی هەڵبژێردراوی

خەڵکن، هەر بەم هۆیە بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەم بنەما سەرەکییە دیموکراسییەن:

- زاڵبوونی خەڵکانی سیاسی، گەرەنتی ئەوە دەکات کە بەهاکانو دامەزراوەکانو سیاسەتەکانی وڵات لەلایەن خەڵکەوە ئازادانە دەستنیشان دەکرێت، نەک هێزە سەربازییەکان، ئەرکی هێزە سەربازییەکان بەرگریی لە کۆمەڵگایە نەک شتی دیکە.

لە کۆتاییدا زاڵبوونی ڕێبەرانی سیاسی بەسەر سەرکردە نیزامییەکاندا، گەرەنتی ئەوە دەکات کە پرسەکانی پەیوەندیدار بە بەرگریو تەناهی نەتەوەیی وڵات، بەها سەرەکییە دیموکراتیکەکانی وەک حکومەتی زۆرینە، مافە کەمینەکان، ئازادیی بەیان، ئازادیی ئایینو... ناخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆیەوە.

بۆ پارێزگاریو پشتیوانیی لە مافو ئازادییە تاکەکان، نەتەوەیەکی خەڵک سالار دەبێت بە هاریکاریی یەکتر حکومەتی دەستنیشانکراوی خۆیان پێک بهێنن، ڕێگای سەرەکیی گەیشتن بەم مەبەستەش، بوونی حیزبە سیاسییەکانە.

حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە خوازیارەکانن بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی نێوان خەڵکو حکومەت. حیزبەکان، پاڵێوراوەکان دەستنیشان دەکەن، بۆ سەرکەوتنیان بۆ پۆستە حکومییەکان کێبڕکێو ململانێ دەکەنو خەڵکی بۆ هەڵبژاردنەکان ڕێک دەخەن، حیزبی زۆرینە (یان حیزبێک کە بۆ هەڵسوڕاندنی حکومەت هەڵدەبژێردرێت)، هەوڵ دەدات کۆمەڵێک پلانو سیاسەت بە یاسا زیاد بکات. حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان دەتوانن ڕەخنە لە سیاسەتی حیزبی زۆرینە بگرنو پێشنیازەکانی خۆیان بهێننە ئاراوە.

حیزبە سیاسییەکان ڕێگایەک بۆ شارۆمەندان دەکەنەوە تا بتوانن بەرپرسانی هەڵبژێردراوی

حیزب بەهۆی کارکردەکانیان لە حکومەت بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

باوەڕمەندی حیزبە سیاسییە خەڵک سالارەکان بە بنەمای خەڵک سالاری دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان ڕێز بۆ حکومەتی هەڵبژێراو، تەنانەت ئەگەر هی حیزبی خۆشیان نەبێت، دابنێنو بە فەرمی بناسن.

هەموو حکومەتە خەڵک سالارەکان، ئەندامی حیزبە جۆربەجۆرە ناسراوو کلتوورە جیاوازەکانن. هەندێک لەم حیزبانە بچووکنو لە دەوری کۆمەڵێک باوەڕمەندی سیاسی کۆبوونەتەوە، هەندێکیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری یان ڕابردوویەکی هاوبەش، ڕێکخراونو یان پێکهاتوون، حیزبەکانی دیکە، کۆمەڵێک لە خەڵکی دیکەن کە لە دەرەوەی حیزبەکاننو تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکان کۆدەبنەوە.

تۆلەرانسو تەحەممولکردنی یەکتر یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی حیزبە خەڵک سالارەکان، حیزبە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگای کۆبوونەوە مەزنەکانو هاوکاریی لەگەڵ حیزبە سیاسیو ڕێکخراوەکانی دیکەیە کە دەتوانێت ڕێبەراتیو ڕوانینی هاوبەش کە ببێتە هۆی ڕاکێشانی خەڵک، بەدەست بهێنن.

حیزبە خەڵک سالارەکان ئاگاداری ناسەقامگیریی‌و گۆڕانی بیرو هزری سیاسین، دەزانن کە دەنگی هاوبەش زۆرتر لە ڕێگای وتووێژو دانوساندن‌و بەشێوەیەکی هێمن‌و لەسەرخۆیانە بەدەست دێت.

ئۆپۆزسیونی یاسامەند بە یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی حکومەتە خەڵک سالارەکان بە ئەژمار دێت، ئەمە بەو مانایە کە لە سیاسەتدا هەبوو، لایەنەکان لەگەڵ بوونی هەموو جیاوازییەکان لە بەها سیاسییەکان، ئازادیی بەیان‌و باوەڕمەندی بە یاسای بنەڕەتی شەریکو هاوبەشن، لایەنە دۆڕاوەکانی هەڵبژاردنەکان، لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆندا درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن‌و دڵنیان کە سیستمی سیاسی پشتگیریی لە ناڕەزایەتی‌و (NGO)کانیان دەکات.

لە حکومەتی خەڵک سالاردا، گێرەوکێشەی نێوان حیزبە سیاسییەکان لە ڕاستای هەوڵدانە بۆ هەرچی زیاتر خزمەتکردن بە خەڵک نەوەک شەڕ بۆ مانەوە.

## ئەرکەکانی هاوڵاتییان

حکومەتی خەڵک سالار بەپێچەوانەی سیستمی دیکتاتۆریی، بۆ خزمەتکردن بە خەڵک بێچمی گرتووە، بەڵام خەڵکیش دەبێت پابەندی یاساو ڕێساکانی دەسەڵاتی خەڵک سالار بن، حکومەتە دیموکراتەکان ئازادیگەلێکی زۆر لەوانە ئازادیی دژایەتیکردن لەگەڵ دەسەڵاتو ڕەخنەگرتن لێی، بۆ هاوڵاتییانی لەبەرچاو گرتووە. شارۆمەندانی حکومەتێکی خەڵک سالار دەبێت بەشدار لە دەسەڵاتو ناوەندە بڕیاردەرەکان بن، هاوڵاتیان ئاگادارن کە حکومەتەکانی خەڵک سالار، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت مافەکانیان ڕەچاو بکرێت، بەڵکو دەبێت بەرپرسیارێتیش وەئەستۆ بگرن، ئەوان دەزانن خەڵک سالاری پێویستی بە کاتو هەوڵدانێکی زۆرە، حکومەتێک کە لە دڵی خەڵکەوە هەڵقوڵابێت، پێویستی بە وردبینینیو پشتیوانیی بەردەوامە لەلایەن خەڵکەوە.

لە هەندێک لە حکومەتە خەڵک سالارەکاندا،

بەشداریی مەدەنییانەی خەڵک بە مەبەستی خزمەتکردنیان لە (هیات های منصفه)، یان خزمەتکردن بە سیستمو یان خزمەتگوزارییە نەتەوەییو سەڤیلانە ئیجبارییە، ئەرکەکانی دیکە پەیوەستە بە حکومەت وەک ڕێزگرتن لە یاسا. مافی هاوڵاتییان بەگشتی بریتیە لە دانی سەرانە، داننان بە دەسەڵاتی هەڵبژێراوو ڕێزگرتن لە مافی خەڵکانێک کە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە.

هاوڵاتیانی حکومەتێکی خەڵکی دەزانن کە بۆ کەڵکوەرگرتن لە پشتیوانیی حکومەت لە مافەکانیان، دەبێت شان بە نەبەروەرگرتنی بەرپرسیارێتییەوە.

دەوترێت لە کۆمەڵگایەکی ئازاد: حکومەتی زاڵ بەسەر خەڵکدا هاوتەریبە لەگەڵ بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە.

بۆ سەرکەوتنی گەل سالاری، پێویستە کە هاوڵاتیان ئاکتیڤ بن، چونکە سەرکەوتن یان شکستی حکومەت لەئەستۆی ئەوانە نە کەسێکی دیکە، لە بەرامبەریشدا بەرپرسانی حکومەت دەزانن کە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکدا دەبێت یەکسان بنو بەرتیلوەرگرتن جێگایەکی

له حکومەتی گەلیدا نییە، له حکومەتێکی خەڵک سالاردا، خەڵکانی ناڕازی له ڕێبەرانی کۆمەڵگا، دەتوانن ئازادانەو بە هێمنیو له ئارامیدا، هەلومەرجی گۆڕان پێک بێنن، یان له کاتی هەڵبژاردندا دەنگ به خەڵکانی جیا له ڕێبەرانی دەسەڵاتدار بدەن.

له حکومەتێکی گەلی، هاوڵاتیان پەیوەست به دەسەڵات دەبنو بۆ سەرکەوتنی نوێنەرانی هەڵبژێراویان تێدەکۆشن، ئەوان ئەو ڕاستییە هەست پێ دەکەن قبووڵیانە که ڕەنگە دەسەڵات بەردەوام له دەستی حیزبدا نەبێت.

ئەوان ئازادن، خۆیان بپاڵێون بۆ هەڵبژاردنەکان، دەسەڵات له دەستی حیزبدا نەبێت، ئەوان بۆ هێنانەئارای پرسە خۆجێیو یان نەتەوەیی کەڵک له ڕاگەیاندنە سەربەخۆکان وەردەگرن، ئەوان دەبنە ئەندامی ڕێکخراوە سینفیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان.

ئەوان لەسەر ویستی خۆیان له بوارێکدا چالاکی دەنوێنن که خۆیان خوازیارین، ئەم ڕێکخراوانە ڕەنگە ئایینی، کلتووری قەومی، ناوەندی توێژینەوە زانستییەکانو وەرزشو هونەرو وێژەو خوێندکار... بێت.

گشت ئەم گروپانە، بەبێ ئەوەی کە لە حکومەت جیا ببنەوەو یان دوور بکەونەوە، لە هەموو مافێکی حکومەتی گەلیدا بەهرەمەندن.

# ڕاگەیاندنە ئازادەکان

لە کۆمەڵگای خەڵک سالاردا، ڕاگەیاندنەکان نابێت لەژێر چاودێریی حکومەتدا بێت، لە حکومەتە خەڵک سالارەکاندا، نە وەزارەت یان ناوەندێکی چاودێریی بۆ کۆنترۆڵی بابەتی ڕۆژنامەکان یان چالاکانی ڕۆژنامەوانی لەئارادا هەیە، نە مەرجو پێوانە بۆ تاووتوێی هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەوانان، نە بە زۆرەملێش ڕۆژنامەوانەکان ناچار دەکرێن کە ببن بە ئەندامی یەکێتییەکانی ژێر چاودێریی حکومەت. ڕاگەیاندنی ئازاد، خەڵک وریا دەکاتەوە، کارکردی بەڕێوەبەرانی وڵات دەکاتە ژێر کۆنترۆڵەوەو هەلومەرجێک بۆ دیالۆگو ئاخێوی ناوچەییو سەرانسەری، بەرهەڤ دەکات.

حکومەتێکی گەلی پشتیوانی مادیو مەعنەویی ڕاگەیاندنە ئازادەکان دەکات، سیستمی دادوەریی سەربەخۆ، پشتیوانیی لە کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر چاودێریی یاساو ئازادیی بەیانی

گشتی لە ڕاگەیاندنە سەربەخۆکان دەکات.

ڕۆژنامەکان بە چاودێریکردن بەسەر دەوڵەتدا، مافی ئاگادارو ورياکردنەوەی خەڵک بۆ بردنەژێر پرسیاری کارکردەکانی بەرپرسان دابین دەکات، حکومەتێکی گەلی دەرفەتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتیو هەروەها دەست پی ڕاگەیشتن بە دیکۆمێنتە مىللییەکان دەرەخسێنێت، لەم جۆرە دەسەڵاتەدا هیچ چەشنە بەربەستو پەرژینێک بۆ ئاخاوتنو نووسراوەکانی ڕۆژنامەوانان پێک ناهێنێت، پێویستە کە ڕاگەیاندنەکان لە هەمبەر کارو کردەوەکانیان خۆیان بە بەرپرسیار بزانن.

ڕاگەیاندنەکان لە ڕێگای ئەنجوومەنە پەیوەندیدارەکان، شوراگەلی سەربەخۆی ڕاگەیاندنو (نوێنەرانی تایبەتی) یان ڕەخنەگرانی ناوەندێک کە سکاڵاکانی خەڵک تاووتوێ دەکەن، بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە سکاڵاگەلێک کە زیادەڕەویی تێدا کراوە، هەنو بەم شێوەیە بەرپرسیارێتیی ئەوان لە ناوخۆدا دەپارێزرێت، خەڵک سالاری پێویستی بە هەڵبژاردنو بڕیاردانی خەڵکە.

بۆ ڕاکێشانی متمانەی خەڵک لەمەڕ ڕاگەیاندنەکان، ڕۆژنامەوانان دەبێت

ڕاپۆرتەکانیان لەسەر بنەمای ڕاستگۆییو سەرچاوەکانیشی لە ناوەندگەلێکی جێی متمانە ئامادە بکات، ڕاپۆرتی درۆ یان دزینی هەواڵ، دژی بنەماکانی چاکسازیخوازی ڕاگەیاندنە ئازادەکانە، ڕاگەیاندنەکان بۆ جیاکردنەوەو کۆکردنەوەی زانیارییەکانو بڵاوکردنەوەیان لە ڕوانگەی داڕشتنەوە، دەبێت لیژنەیەک بەدوور لە چاودێریی دەسەڵاتەوە بڕیاری لەسەر بدات. ڕۆژنامەوان نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی بیروڕای خەڵکو پێویستە هەتا بۆی دەکرێت بەدوای حەقیقەتەوە بێت، خەڵک سالاریی ڕێگا بە ڕاگەیاندنەکان دەدات تا بتوانن بەبێ ترس لە حکومەت یان لە بەرژەوەندیان لە هەوڵی کۆکردنەوەی هەواڵو زانیارییو بڵاوکردنەوەی زانیارییدا بن.

## فیدرالیزم

کاتێک گروپگەلێکی جیاواز لە خەڵکی سەربەست، بە زمانی جیاواز، باوەڕمەندی ئایینیو یان پێوانگەلی کلتووری جیاواز دەستنیشانی دەکەن کە لە چوارچێوەی یاسایەکی سەرەکیدا ژیان ببەنە سەر، چاوەڕوانییان ئەوەیە کە سەربەخۆیی ناوچەییو خزمەتگوزاریی بەرابەری ئابووریو کۆمەڵایەتی بەهرمەند بن. لە سیستمی فیدراڵیدا کە دەسەڵات لە ئاستی ناوچەییو یان وڵاتدا دابەش دەبێ، دەسەڵات دەدرێتە خەڵکانی دەستنیشانکراو کە سیاسەتگەلێکی پێوەندیدار بە ناوچە فیدراڵەکەوە دەگەڕێتە بەر کە هاوتەریب بێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندا. ئەوان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هاوکاریو هاوئاهەنگی لەنێویاندا هەیە تاکو ئاریشەکانی وڵات بە هاریکاری یەکتر چارەسەر بکەن.

فیدرالیزم سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتو بڕیاردانە لەنێوان دوو یان چەند حکومەتێک

که بەشێوەی ئازاد هەڵبژێراون‌و بیاڤی دەسەڵاتیشیان، خەڵکو ناوچە جوغرافیا هاوبەشەکان لەخۆ دەگرێ. ئەم نیزامە ڕێگای بڕیاردان لەمەڕ هێندێک بابەت کە ئاکامەکەی پێویستە بە خێرایی ڕوون بێتەوە هەم لە ئاستی کۆبوونەوەی بەرینی ناوچەیی‌و یان لە ئاستێکی بەرزتری حکومیدا دەداو پشتیوانی لێ دەکات.

فیدرالیزم ئەو دۆخە دەڕەخسێنێ کە دەبێ بەردەوام لە بەرانبەر خەڵکدا وەڵامدەر بێ‌و بە دابینکردنی ئەو دەرفەتە بۆ هێنانەئارای پلان‌و بەرنامەی ناوخۆیی، یارمەتی بە بەشداریکردنی هەرچی زیاتر خەڵکدا دەکات.

سیستمی فیدراڵ لەلایەن یاسایەکی بنەڕەتیی ڕوون‌و ئاشکرا دەسەڵاتی تەواوی پێ دەدرێ.

لە هەمانکاتدا کە بەشێوەی سروشتی بۆ وەدیهێنانی پێویستییە خۆجێیەکان لەلایەن حکومەتی مەحلییەوە، ڕێکەوتن لەئارادایە، باشترین ڕێکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەندێک پرس، ئەسپاردنیەتی بە حکومەتی ناوەندی.

بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بەرگری، ڕێکەوتنە نێونەتەوەییەکان، بودجەی حکومەتی فیدراڵ‌و... بکەین.

یاسا هەرێمییەکان، بەیانگەری پێویستییە هەرێمییەکانە بۆ ژیان. پۆلیسو ئاگرکوژێنەوە، بەڕێوەبەری خوێندنگاکانو یاساکانی ساغڵەمیو بیناکان لەو چەشنە خاڵانەن کە زۆرتر لە هەرێمەکان باسو جێبەجێ دەکرێن.

لە سیستمی فیدراڵدا، پێوەندییە حکومییەکان بەو مانایە کە حکومەتە جۆراوجۆرەکان (ناوچەییو هەرێمی) لە کاتی پێویستدا بۆ بەشداربوون لە پرسەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتەکانی یاسا، هاریکاریی یەکتری دەکەن، نێوبژیوانی لە هەمبەر کێشە هەرێمییەکان پتر لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیدایە.

لە وڵاتێکدا کە لەڕووی جوغرافیاییەوە بەربڵاوو خاوەنی ئابوورییەکی جۆراوجۆرە، یەکساننەبوونی داهاتی سەرانەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە هەرێمییەکان دەکرێ لە ڕێگای پلاندارێژییەکی نوێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

سیستمی فیدراڵ، وەڵامدەرو گشتگیرە. هاوڵاتیان لە گشت ئاستەکاندا دەتوانن خۆیان بۆ پۆستە حکومییەکان بپاڵێون. حکومەتە هەرێمیو ناوچەییەکان زۆرترین پۆستەکانو

ڕەنگە زۆرترین هەڵاو مەرج بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەکەیان پێک بێنن.

# دەسەڵاتی یاسا

سەردەمێکی دوورودرێژلە مێژووی مرۆڤایەتی، دەسەڵاتدارانو یاسا لە یەک ڕیزبەندا بوون، یاسا بە سانایی شتێک بوو کە دەسەڵاتدار دەیخواست. یەکەمین پێنگاڤ لە ڕاستای دوورکەوتنەوە لەم سەرەڕۆییە، هێنانەئارای یاسایەکە کە چەمکی لە خوارتربوونی هێزی دەسەڵاتداران لە یاسا لەخۆ بگرێت. حکومەتە خەڵکییەکان بە دروستکردنی دەسەڵاتی یاسا، زۆرتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا چووەتە پێش. هەرچەند هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ کێشە نییە، بەڵام دەسەڵاتی یاسا پشتیوانی لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان دەکاتو وەبیری ئێمە دەهێنێتەوە کە دیکتاتۆریو بێ یاسا لە هەڵبژاردنەکانی ئێمە نین.

دەسەڵاتی یاسا بەو مانایە کە هیچ کەس، چ سەرۆک کۆمار چ کەسێکی تر لە سەرەوەی یاسا نییە. حکومەتە گەلییەکان، هێز لە ڕێگای

یاساوە بەکاردێنن‌و خۆیشیان لەمەڕ پەیڕەوکردنی دەروەستن.

یاسا دەبێ لە ڕاستای خواستەکانی خەڵک، نەویستە تایبەتی‌و زۆرەملی‌و بەرپرسە سەربازی‌و سەرکردە ئایینی‌و یان حیزبەکانیان بێت.

خەڵک لە حکومەتە گەلییەکان، لایەنگری پەیڕەویکردن لە یاسان، چونکە ڕێز لە بڕیارات‌و یاساکانی خۆیان دەگرن کاتێک کە یاسا لەلایەن خەڵکێکەوە پەسند بکرێت، دەبێ پەیڕەوی لێ بکرێت کە دواتر بەپێی یاسا دادپەروەری بە باشترین شێوە سەقامگیر دەبێت.

بۆ دەسەڵاتی یاسا، ناوەندێکی بەهێزو سەربەخۆی دادوەری پێویستە کە خاوەنی دەسەڵات‌و ئابووری‌و بەهای‌و بایەخی پێویست لە ڕاستای بردنە ژێر پرسیاری بەرپرسە حکومییەکان‌و تەنانەت سەرکردە باڵاکان لە بەرانبەر یاساو بڕیاراتەوە لەم ڕوانگەوە دادوەران دەبێ زۆر کارکوشتەو، سەربەخۆو بێلایەن بن. ئەوان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگەکانیان لە سیستمی یاساو دادوەری دەبێ پابەندی بنەکانی خەڵک سالاری بن.

یاساکانی حکومەتی خەڵک سالار مومکینە سەرچاوەی: یاسا نووسراوە سەرەکییەکان،

بڕیاراتو پەروەردە ئایینیو مۆراڵیو دابونەریتە کلتوورییەکان بێت. یاسا بەبێ لەبەرچاونەگرتنی سەرچاوەکانیان دەبێ بۆ پارێزگاری لە مافو ئازادییەکانی خەڵک شیمانەی زۆر شت بکەن.

لەو شوێنەی کە مەرجەکانی یاسا، پشتیوانی وەکو یەکە لە هەمووی، ناکرێت تەنیا لەسەر کەسێک یان گروپێکی تایبەتی جێبەجێ بکرێت. هاوڵاتیان دەبێ لە قۆڵبەستکردنی لەناکاوو پشکنینی بێ هۆیماڵەکانو یان دەستبەسەرداگرتنی داراییەکانیان پارێزراو بن.

هاوڵاتیانی تۆمەتبار بە جنایەت، پێویستە بەخێراییو بەئاشکرا دادگایی بکرێنو هەروەها ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە پرسیار لە سکاڵاکەرەکەیان بکەن. گەر ئەو کەسانە تاوانەکەیان لەسەریان بسەلمێندرێ، دەبێ دوور بن لە سزای بێ ڕوحمانەو نامرۆییانە.

نابێ هاوڵاتی بە زۆر ناچار بکرێن کە دان بە شتەکاندا بنێن لە ڕێگای ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونییەوە.

# مافی مرۆڤ

هەموو مرۆڤەکان کاتێک لەدایک دەبن، کۆمەڵێک مافی ئاشکراو ڕوونی وەک یەکیان هەیە.

ئەم مافە مرۆییە، ڕێگا بە خەڵک دەدا کە ژیانێکی شەرافەتمەندانە ببەنەسەر، هەربۆیە هیچ حکومەتێک ناتوانێ ئەم مافە ببەخشێ، بەڵام هەموو دەسەڵاتەکان ئەرکی پاراستنیان لەئەستۆیە. ئازادییەک کە لەسەر بنەمای بەرابەری، لێبوردەییو ڕێزگرتن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین، پێوەندییە سیاسییەکان یان پێگە کۆمەڵایەتییەکان بێچم بگرێت، ڕێگا بە خەڵک دەدا تاکو بەدوای ئەم مافە بنەڕەتییانەدا بن. لە کاتێکدا سیستمە سەرەڕۆکان نکوڵی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، کۆمەڵگا کراوەکان بەردەوام لە هەوڵی گەیشتن بەو ئامانجەن.

هەموو خاڵەکانی مافی مرۆڤ، پەیوەستو

له یەک دانەبڕاون، ئەو خاڵانە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە مرۆڤ لەوانە پرسە کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییەکان لەخۆدا جێ دەکاتەوە.

که لێرەدا ئاماژە بە هەندێک خاڵی سەرەکیان دەکەین:

- گشت خەڵک دەبێ مافی بوونی بیروباوەڕو هزری جیاواز چ وەک تاک و یان چ لە ڕێگای ئەنجوومەنە ئاشتیخوازەکانیان هەبێت. کۆمەڵگای ئازاد (بازاڕی بۆچوونەکان) پێک دەهێنێت، کە لەناو ئەواندا تاکەکان لەمەڕ هەر بابەتێک دەتوانن ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن.

- هەموو خەڵک دەبێ مافی بەشدارییان لە حکومەتدا هەبێت. حکومەتەکان دەبێت لە هەوڵی دارشتنی یاساگەلێک لە پێوەندیی لەگەڵ مافی مرۆڤدا بن و لە هەمانکاتدا ناوەندە دادوەرییەکانیش دەبێت ئەم یاسایانە بەشێوەیەکی یەکسان لەنێو خەڵکدا جێبەجێ بکەن.

- پێشگیری لە قۆڵبەستکردنی سەرەڕۆیانە، ئەشکەنجەو ئازاردان چ بۆ ئەو کەسە لە ڕیزی دژبەرانی حیزبی دەسەڵاتدار بێت، چ کەمینە نەتەوەو یان چ تاوانکارێکی ئاسایی بێت لە

مافە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ بە ئەژمار دێن. هێزێکی پۆلیسی لێوەشاوەو ئەزموونکار هاوکات کە بۆ هەموو هاوڵاتیان ڕێز دادەنێت، یاساکانی وڵاتیش بەڕێوە دەبات.

ـ لە وڵاتانێک کە فرەنەتەوەییە، کەمینە ئایینیو نەتەوەیی بەبێ نیگەرانی لە تۆمەتەکانی زۆرینەی خەڵک، لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە زمانو پاراستنی نەریتەکانیان ئازادن. حکومەتەکان هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خواستی زۆرینە، گرنگی بە مافەکانی کەمینەش دەدات.

ـ هەموو خەڵک دەبێت خاوەنی دەرفەتی کار، سەرچاوەی بژێویی ژیانو پشتیوان لە بنەماڵەکانیان بکەن.

ـ پێویستە پشتگیریی تایبەتی لە منداڵان بکرێت. ئەوان لانی کەم دەستیان بە پەروەردەی سەرەتایی، خۆراکو ساغڵەمی ڕابگات.

بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، پێویستە کە هاوڵاتیان هەر کۆمەڵگەیەکی ئازاد، وریا بن. بەرپرسیارێتیی هاوڵاتیان بەشێوەی کۆمەڵێک چالاکی بەشداری و هاوبەشی، گەرانتی وەڵامدانەوەی حکومەت بە خەڵکە.

بنەماڵەکانی کۆمەڵگا کراوەکان لە هەمبەر پاراستنی مافی مرۆڤ دەروەستن. ئەوان

له ڕەوگەی کۆمەڵێک ڕێکەوتنو بەڵێننامەی
نێونەتەوەیی لە هەمبەر مافی مرۆڤ بەشێوەی
فەرمی دان بەم دەروەستییەدا دەنێن.

## دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی

ڕێبەرانی حکومەتە خەڵک سالارەکان، بە ڕەزامەندیی خەڵک حکومەت دەکەن. هێزی ئەم سەرکردانە بەهۆی زاڵبوون یان بەدەستەوەگرتنی سوپاکان یان سەرچاوەی سامانە ئابوورییەکانەوە نییە.

هۆکاری ئەم هێزو دەسەڵاتە، بەهۆی هەڵبژاردنێکی ئازاد، ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن یاساوە پێناسە کراوەو ڕێی پێ دراوە، بە ڕێبەرانیان دەسپێردرێت. لە خەڵک سالاری یاساییدا، بەپێی هەڵبژاردنێکی ئازاد، دەسەڵاتەکان بەجۆرێک دابەش دەبێت کە دەزگای یاسادانەر سەرقاڵی دارشتنی ڕەشنووسی یاسا بێت، دەسەڵاتی بەڕێوەبەر جێبەجێیان بکاتو دەزگای دادوەریش بەشێوەیەکی سەربەخۆ چالاکی بکات.

- سەرکردەکانی حکومەتە گەلییەکان نە سەرەڕۆیی هەڵبژێراوو نە (سەرۆکە

هەتاهەتاییەکانن). ئەوان بۆ کاتێکی دیاریکراو دەسەڵات دەگرنە دەستو ئاکامی هەڵبژاردنە ئازادەکانیش تەنانەت بە واتای لاچوونیان لە دەسەڵات قەبووڵ دەکەن.

ـ لە حکومەتە یاساییەکانی خەڵک سالار، سنووری دەسەڵاتی بەڕێوەبەریان بەشێوەی ئاسایی بە سێ شێوە دیاری دەکرێت: لەلایەن سیستمێک تاووتوێو هەڵدەسەنگێنرێتو دەسەڵاتی یاسادانەرو بەڕێوەبەرو دادوەری لە یەک جیا دەکاتەوە، لەلایەن فیدرالیزمێک کە دەسەڵات لەنێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتە هەرێمییەکانو ناوچەییەکان دابەش دەکات، لەلایەن یاسای مافە بنەڕەتییەکان گەرانتی دەکرێت.

دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بەشێوەی گشتی لە وڵاتدا لەلایەن ناوەندێکی هەڵقووڵاو لە یاساکە دەکەوێتە خانەی یاسادانانەوەو هەروەها لەلایەن ناوەندێکی دادوەری سەربەخۆ دەستنیشان دەکرێت.

ـ دەسەڵاتی بەڕێوەبەری لە حکومەتە گەلییەکانی هەنووکە بەگشتی دابەش دەکرێت بەسەر دوو شێوەدا: سیستمی شۆرای یان سیستمی سەرۆک کۆماریی.

ـ له نیزامی شۆرایدا، حیزبی زۆرینەی کۆڕی یاسادانەر، لقی بەڕێوەبەری حکومەت بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران پێک دێنێت.

له نیزامی شۆراییدا، لقەکانی یاسادانەرو بەڕێوەبەری بە تەواوی له یەک دانەبڕاون یان له یەک جیا نین، چونکه سەرۆک وەزیرانو ئەندامانی کابینه لەناو پارلەماندا هەڵدەبژێردرێن. له وەها سیستمگەلێک، ئوپۆزیسیۆنی سیاسی بە کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ کەمکردنەوەی چاودێری بەسەر کارو کردەوەکانی بەڕێوەبەری بە هەژمار دێت.

ـ له سیستمی سەرۆک کۆماریدا، سەرۆک کۆمار جیا له لێژنەی یاسادانەر هەڵدەبژێردرێت.

ـ له سیستمی سەرۆک کۆماریدا، سەرۆک کۆمارو لێژنەی یاسادانەر، هەر کام خاوەنی سەرچاوەی دەسەڵاتو بیاڤه سیاسییەکانی خۆیانن تاکو بتوانن له کاتی خزمەتدا، یەکتری هەڵبسەنگێنن.

ـ حکومەته خەڵک سالارەکان، تەنیا خوازیاری دەوڵەتگەلێکی چوارچێوەدار نەوەک لاوازن. له ئاکامدا ڕێکەوتن لەمەڕ پرسەکانی وڵات زیاتر دەلوێو ڕێبەرانی ئەم وڵاته دەتوانن

بەهێزو باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوەوە سەرقاڵی کارەکانیان بن.

- سەرکردەکانی حکومەتەگەلییە یاسامەندەکان، چالاکییەکانیان بەردەوام لە چوارچێوەی یاسا کە دەسەڵاتەکانیانی دیاری کردووە، دەگونجێنن.

## دەسەڵاتی یاسادانەر

نوێنەرانی هەڵبژێراو لە حکومەتێکی خەڵکیدا، ئەندامانی پارلەمان، شۆرا یان کۆنگرە، ئەرکیانە کە خزمەت بە خەڵک بکەن، ئەوان کۆمەڵێک ئەرکیان لەئەستۆیە کە بۆ ساغڵەمی حکومەتێکی گەلی پێویستییە.

- بە حکومەتێکی گەلی کەم وێنە، ناوەندەکانی یاسادانەری هەڵبژێراو، بە شوێنی باسو توێژینو دانانی یاسا بە هەژمار دێت. ئەم ئەنجوومەنگەلە ناوەندگەلێکی یەکلاکەرەوەو بڕیاردەر نین کە تەنیا بڕیاراتی ڕێبەرێکی سەرەڕۆ پەسەند بکەن.

- دەسەڵاتی چاودێریو لێکۆڵینەوە، ئیزن بە ناوەندەکانی یاسادانەر دەدا کە کارو کردەوەکانی بەرپرسانی حکومی بخەنە ژێر چاودێریی خۆیانەوەو جیا لەمەش چاودێری

بەسەر وەزارەتە جۆربەجۆرە حکومییەکان، بەتایبەتی لە سیستمی سەرۆک کۆماری کە کۆڕی یاسادانەرە جیا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییە، بکات.

لێژنەکانی یاسادانەر دەتوانن بودجەکانی وڵات پەسەند بکەن، لە هەندێک کاتی پێویستدا کۆبوونەوەی نافەرمی پێک بێنن و دەنگی متمانە بە خاوەن پۆستە بەڕێوەبەرییەکان بدەن. لە هەندێک لە حکومەتە گەلییەکان، کۆمیتەکانی یاسادانەر بۆیان، دانەران دەرفەتی شیکردنەوەو تاووتوێ ڕاستەوخۆ بۆ پرسەکانی پێوەندیدار بە وڵاتەوە بەرهەڤ دەکات.

لێژنەکانی یاسادانەر ڕەنگە پشتیوانی لە حکومەت بکەن، یان ببن بە بەرهەڵستکارییەکی سیاسی کە سیاسەتو پلانگەلی جۆراوجۆر پێشنیاز بکەن.

- یاسادانەران ئەرکیانە بۆچوونەکانیان بەشێوەیەکی ڕوونو شەفاف بەیان بکەن، بەڵام ئەوان دەبێ بە هێمنیو بە حورمەتەوە کە بە بنەمایەکی مۆراڵی خەڵک سالاری بە هەژمار دێت دابنێنو بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنگەلێک کە لە ڕاستای بەرژەوەندیی تەناهی هەموو خەڵکو نەک هەر کۆمەڵێکی تایبەتیی سیاسی خوازیاری

خۆیاندا بن. هەر ئەندامێکی لێژنەی یاسادانەر دەبێ بە تەنیایی بڕیار بدات کە چلۆن لەنێوان بەرژەوەندیی گشتیو بەرژەوەندیی هەڵبژێراوە خۆجێییەکانیان هاوسەنگی دروست بکات.

- یاسادانەران، زۆرجار بۆ دەنگدەران کۆمەڵێک کۆبوونەوە پێک دێننو ئاریشەو نارەزیەتییەکانیان لەپێناو هاودەردی لەگەڵ ئەوانو هەروەها بۆ یارمەتیوەرگرتن لە بەرپرسە حکومییەکان، دەهێنێتە گۆڕێ. ئەوان بەگشتی بۆ ئەم مەبەستە خاوەنی گروپێک لە ڕاوێژکارە بەئەزموونەکانن.

- یاسادانەرانی وڵات زۆرتر بە شێوازێک لەم دوو شێوازە دابەش دەبن. لە هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆکان کە هەندێک کات زۆرینەی ڕێژەیی پێ دەگوترێ، پاڵێوراوێک کە زۆرترین دەنگەکان بەدەست بێنێت، هەڵدەبژێردرێت. لە شێوازی هەڵبژاردنە حیزبییەکاندا کە زۆرتر بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کەڵکی لێ وەردەگیرێت، دەنگدەران زیاتر دەنگ بە حیزبەکان دەدەن نەوەک بە خەڵکی دیکەو نوێنەرانیش لەسەر بنەمای ڕێژەی دەنگدەرانی بەدەستهاتووی حیزبەکانیان دەستنیشان دەکرێن.

ـ شێوازی هەڵبژاردنە حیزبییەکان، بوار بۆ حیزبە بچووکەکانی دیکە دەڕەخسێنێ تاکو بە جیددی وەخۆ بکەونو بەرە پێک بێنن. هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆو ئاوەڵان سیستەم بەرەولای فرەحیزبیو ناکۆجێی ئاراستە دەکات. لە هەر دوو شێوازدا، نوێنەران لە وتووێژ، دانوستانەکانو پێکهێنانی بەرەو... کە لە تایبەتمەندییە زەقو بەرچاوەکانی ناوەندە یاسادانەرە حکومەتە گەلییەکان بە هەژمار دێت، بەشداری دەکەن.

ناوەندەکانی یاسادانەر زۆرتر دوو ئەنجوومەنیو لە دوو بەش پێک دێتو یاسا نوێیەکان دەبێ لە هەردوو پارلەمانی خوارێو سەرێ تێبپەڕێندرێت.

# گرنگیی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی

تێبینییەکان لەلایەن ساندردای ئۆکانی (Sandra Day oconnor)، یاریدەدەری ڕاوێژکاریی دیوان (Associate Justice)، دیوانی باڵای وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە ڕۆنیشتنە دادوەرییەکانی عەرەب (Arab Judicial Forum) لە مەنامەی بەحرین (Bahrain)ی سێپتامبری ٢٠٠٣. (١٥)

ئەلکساندر هامیلتۆن (Alexander Hamilton) یەکێک لە داڕێژەرانی یاسای بنەڕەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بەرگریکردن لە ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە ستراکتۆری حکومەتی گەلیدا، لە ژمارەی (٧٨)ی گۆڤاری (فدرالیست- The Federalist) نووسیبووی: «گەر دەسەڵاتی دادوەریی لە دەسەڵاتی یاسادانەرو بەڕێوەبەری جیانەکرێتەوە ئازادی بوونی نابێ... ئازادی بە تەنیا نابێتە

هۆی ترسو شڵەژانی دەسەڵاتی دادوەریی، هەربۆیە دەبێ لە هاودەنگیو یەکدەنگی یەکێتیی نێوان دوو دەسەڵاتەکەی دیکە ترسی هەبێ». ڕوانگەی هامیلتۆن سنووری جیاوازییەکانی نێو سیستمی دادوەریی وڵاتان دەبەستێ، چونکە تەنیا بە سەربەخۆیی دادوەرییەکە دەکرێ بە تەواوی (حکومەتی یاسایی - Rule af law) بۆ خەڵک گەرانتی بکرێت.

هەر بەو جۆرەی کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا (درووبلسۆن) نووسی: «لە دادگادا دەردەکەوێ کە حکومەت بەڵێنەکانی دەباتە سەرێ یان نا. بەم پێیە خەباتی تاک بۆ حکومەتی گەلی هەڵبەت خەبات بۆ باشترکردنی یاساکانو گۆرانیان تێدا.. هەروەها بۆ دادگاگەلێکی سەربەخۆو بێ لایەنەش هەروایە».

ئەم بنەمایە کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بنچینەی ئیدارەی گونجاوی دادوەرییو جێبەجێکردنی دادپەروەرییە بە قووڵایی لە دامەزراوە یاساییەکانی عەرەبدا جێی گرتووە. بە کردەوە هەموو یاسا سەرەکییەکانی عەرەب سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییان گەرانتی کردووە. بۆ وێنە، یەکێک لە مادەکانی یاسای وڵاتی پاشای بەحرین، واتە مادەی (١٠٤)

ی دەڵێت: «ئابڕووی دەسەڵاتی دادوەرییو داوێنپاکیو بێلایەنی دادوەران، بنەمای حکومەتێکی ڕاستەقینەیەو گەرانییەک بۆ ئازادییەکانو مافەکانە. هیچ بەرپرسێک مافی دەستێوەردانی لە بڕیاراتی قازییەکاندا نییە، لەژێر هیچ بارودۆخێکدا ناکرێ دەستێوەردان لە ڕەوتی کاری دادوەرییەکاندا بکرێت.

یاسا سەربەخۆیی دادوەری گەرانتی دەکات...» مادەی (٦٥)ی یاسای بنەڕەتیی میسر بەم جۆرەیە کە: «سەربەخۆییو پارێزراویی دەسەڵاتی دادوەری دوو ڕوکنی سەرەکییە بۆ گەرانتی مافو ئازادییەکانی ئاماژەپێکراو لە یاسادایە». یاسای بنەڕەتیی ئوردۆن لە مادەی (٩٧)یدا ڕایدەگەیەنێ: «دادوەران سەربەخۆنو لە کاتی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە دادوەرییەکانیان پابەندی هیچ سەرچاوەو یان بەرپرسێک جیا لە قانوون نین».

ئێمە هەر ئەم چەمکانە لە (٦) مادەی «بنەماو هەڵسوکەوتی بانگلۆر (Bangaalore)یش دەبینین کە لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو بۆ بەهێزبوونو توکمەبووی هەموو لایەنەکانی دادوەری لە جیهاندا داڕێژراوە. مادەی یەکەم دەڵێت: «سەربەخۆیی

دادوەریی پێویستییەکە بۆ حکومەتی یاسامەندو دادگاییکردنی دادپەروەرانە گەرانتی دەکات، هەربۆیە دادوەر ئەرکیەتی کە ئەم سەربەخۆییە چ لە ڕوانگەی تاکیو چ ڕوانگەی دامەزراوییو ئیدارییەوە بپارێزێت». ڕاگەیاندراوی قاهیرە لەمەڕ سەربەخۆیی دادوەریی، کە لە کۆنفرانسی دووهەمی دادپەروەریی عەرەبدا (second Arabyustice conference) لە فێورییەی (٢٠٠٣)دا ئامادەکرا، پەسەندی کرد کە سەربەخۆیی دادوەریی پایەی سەرەکییە کە ئازادییە مەدەنییەکان، مافی مرۆڤ، ڕەوتی گەشەکردنی گشتگیر، چاکسازی لە بازرگانیو نیزامی سەرمایەداریی، هاوکارییە ئابوورییە ناوچەییو نێونەتەوەییەکانو ستراکتۆری دامەزراوە دیمۆکراتیکەکان... هەمووان لەسەر ئەم بنەمایە ڕاوەستاوە.

هەر ئەم بنەمایە لە ڕاستیدا بناغەی دەسەڵاتی دادوەرییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا هەڵیانسەنگاندبوو کە لە بنەڕەتیترین هۆکارەکان بۆ کارکردی داد لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە دەبێ لە هەموو بەشەکانی دیکەی حکومی جیابکرێتەوە. بۆ هێنانەدی

وەها ئامانجێک، یاسای بنەڕەتی ئەمریکا سیستمێکی دادوەریی فیدراڵی سەربەخۆی، لە ڕەوگەی جیاکردنەوەی ئەرکەکانی یاسادانەرو جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی یاسا (بەشی دادوەریی)، دایانمەزراند. ئەم جیاکردنەوەیەی دەسەڵاتی یاسادانەر لە دەسەڵاتی دادوەریی دەبێتە هۆی مانەوەو مەترسیی سەرەڕۆیی حکومەت تاڕادەیەکی بەرچاو دادەبەزێنێ. دادوەرێکی سەربەخۆ بەو واتایە کە هەم قازی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا سەربەخۆیەو هەم دەسەڵاتی دادوەریی بەشێوەی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیەو کەوشەنی هێزو چالاکییان لە دەستێوەردانی بەرپرسانی حکومی دەپارێزێت. بەگوێرەی بنەمای بانگلۆر سەربەخۆیی دادوەریی هەردوو لایەنی تاکیو دامەزراوەیی لەخۆ دەگرێت.

لەڕووی سەربەخۆیی تاکی دادوەریی، دوو ڕێگا بۆ گەرانتی سەربەخۆیی دێتەگۆڕێ. یەکەم ئەوەی کە دادوەر دەبێ ترسی لە تۆڵەکردن یان هەڕەشەکردن نەبێت، تاکو ترسو نیگەرانی لە بڕیاردانیدا شوێندانەر نەبێت. دووهەم، میتۆدێک کە دادوەری پێ هەڵدەبژێردرێت، بنەمای مۆراڵی کە دەبێ پێی پابەند بن، دەبێت بەجۆرێک

بێت کە مەترسی گەندەڵی‌و کارتێکەری بەلانی کەمەوە بەدەر بێت.

لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەهۆی پاراستنی پۆستو دەرماڵەی دادوەرو دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لەبەرانبەر تولەدا دەپارێزێت. بەگوێرەی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکا، دادوەرانی فیدراڵ پۆستەکانی خۆیان لە کاتی سەرکەوتنیان لە کارەکانیان دەپارێزێت. جگە لەوەش یاسای بنەڕەتی جەخت دەکاتەوە تاکو کاتێک دادوەرانی فیدراڵ لەسەر کاری خۆیان بن دەرماڵەکەیان کەم نابێتەوە. ئەم بڕیارانە وا دەکات کە دادوەر لە جێبەجێکردنی یاسادا هیچ نیگەرانییەکی نەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت دڵنیا بین کە دادوەر بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کەڵک لە هێزی خۆی وەردەگرێت نەوەک بەگوێرەی بەرژەوەندیی تاکی یان کاریگەریی دەرەکی. قازی نابێت لەژێر باندۆری یەکێک لە لایەنەکانی کێشەکە بێتو یان پشتیوانی لە یەکیانو دژی ئەوی دیکەیان بێتو هەروەها خۆیشی نابێ لە ئاکامی کێشەی دوو کەس قازانج بکات. دادوەرێک کە مل بۆ گەشەو گەندەڵی‌و

کاریگەریی دەرەکیو ناوخۆیی دابنێت، متمانەو ڕێزی هاوڵاتیانی خۆی لەدەست دەدات. کاتێک دادوەرێک بڕیارێک دەدا کە قازانجێک بە خۆی بگا، یان مافی کەسێک لەژێر پێ دەنێت ئەو بڕیارو دەنگە دەسەڵاتی یاسا خەوشدار دەکات. لە کاتی دەستنیشانکردنی دادوەر یان بنەمایەکی مۆراڵی کە ڕێنمای ڕەفتارو کرداری ئەوانە، ئەم پرسانە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن.

دەستنیشانکردنی دادوەر بەگوێرەی لێهاتوویی، داوێنپاکیی، دەروەستی مۆراڵی، بەشێوەی سروشتی گەرانتی ئەوە دەکات کە قازی هەڵبژێراویان دەستنیشان کراو بێلایەنە بڕیار بدات.

هەر تێبینییەکی دیکە جیا لە تایبەتمەندییەکانی سەرەوە بۆ هەڵبژاردنو دانانی دادوەر (لەلایەن بەرپرسێکی سیاسی یان لە ڕەوگەی دەنگی دەنگدەران) ئەم ئەگەرە بەهێزتر دەکات، کە دادوەر بەهۆی ئەم تێبینییانە لە ئەنجامدانی دادوەرییەکی بەلایەنانە سەرکەوتوو نابێت. بە سەرنجدان بەو پەرنسیپە زانستییانە کە بۆ هەڵبژاردنی دادوەر لەبەرچاو بگیرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵبژاردنێکی باشترو سەرکەوتوو بێتە ئاراوە. ڕاگەیاندراوی بەیروت کە بەرهەمی

یەکەمین کۆنفرانسی عەرەب لەمەڕ دادپەروەری بوو ئاماژە بەوە دەکات: «هەڵبژاردنی دادوەران بەبێ هیچ هەڵدوارنێک لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ، ڕەچەڵەک، باوەڕمەندی ئایینی، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، شوێنی لەدایکبوون، ڕەوشی ئابووریی، لاگیری سیاسیو... ئازاد دەبێت. بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنی دادوەران بنەمای دەرفەتی دادوەری دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت تاکو دڵنیا بین لەوەی کە هەموو خوازیارانی پۆستی دادوەریی بەشێوەی بەرابەرو ئوبژەکتیڤ تاووتوێ کرابن».

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دامەزراندنو پاراستنی دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆو بێلایەنانە لە ڕێگای بڕیاراتی خۆیان، گرتەبەری پرنسیپ شێوازگەلی یاسایی لە هەوڵی پاراستنی پەرەستیژی دادوەرییدان بەگوێرەی وتەی سەرۆکی دیوانی باڵای وڵات (هارلێن ستۆن): «تەنیا چاودێری بەسەر کردەکانی دەسەڵات خۆمانە کە دەبێتە هۆی دەستێوەرنەدان لە کاروباری دادوەرییدا». هەر هەرێمێکی ئەمریکا خاوەنی دەزگای دادوەریی فیدراڵ و خاوەنی ئاییننامەی مۆراڵی تایبەتو پتەوە کە دادوەران پابەندن بە پاراستنی.

یەکەمین خاڵ لە ئاییننامە ئەخلاقییەکە دادوەرانی فیدراڵ ناچار دەکات کە (سەربەخۆیی دادوەریی لەبەرچاو بگرن و بیپارێزن). ئاییننامەکە هەروەها دەڵێت: «دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆ پێویستییە کە بۆ دادپەروەریی لە کۆمەڵگای ئێمەدا».

هەروەها سەربەخۆیی دادوەریی ڕێگا بە دادوەر دەدات کە بڕیارێک دەربکات کە بەپێچەوانەی هەموو دەزگاکانی حکومی بێت. هەندێک کات سەرۆک کۆمارەکان، وەزیرەکانو یاسادانەران ڕێگاچارەسەرگەلێک بۆ ئاسانکاریی کاروبارەکانی ڕۆژانە دەستنیشان دەکەن. لێرەدا ئەرکی تایبەتیی دەزگای دادوەری سەربەخۆیە کە بزانێ کە ئاخۆ ئەو ڕێگاو میتۆدانە مافو ئازادییەکانی خەڵک خەوشدارو بەرتەسک ناکاتەوەو لە کاتی پێویستدا پێش بە پێشێلکارییەکان بگرێت.

هەر وڵاتێک باندۆری تایبەتی لەسەر دەزگای دادوەریی خۆی دادەنێت، بۆیە هەندێک بنەما هەن کە لە سەرەوەیی جیاوازییە نەتەوەییەکان ڕۆڵیان هەیەو بوارێکی هاوبەشیان هەیە.

گرنگیی دەزگایەکی سەربەخۆی دادوەریی

یەكێک لەم بنەمایانەیە، هەربۆیە گەر ڕێكەوتنی تیۆری لەسەر ئەوی كە سەربەخۆی دادوەریی پایەی سەرەكییە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی یاسایە ئاسان بەدەست دێت، بەڵام ئەوەی كە دژوارە، ئەركی بە كردەییكردنی ئەم بنەما تیۆرییەیە.

مەشرووتییەت

یاسای سەرەکیی ئامادەکراو، خاوەنی گرنگترین یاساکانە کە دانیشتوانی وڵاتێک ڕەزامەندیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ڕادەگەیەنن‌و پێشاندەری ستراکتۆری سەرەکیی حکومەتەکەیانە. بەم جۆرە مەشرووتییەتی گەلی لەسەر بنەمای خواستەکانی تاکە کەس، مافە کۆمەڵایەتییەکان‌و بەرتەسککردنەوەی بازنەی دەسەڵات، چوارچێوەی حکومەت لەسەر بنەمای گەل سالاری بونیات دەنرێت.

- مەشرووتییەت، جەخت لەسەر هاوئاهەنگیی نێوان خەڵک‌و دەسەڵاتدار دەکات.

- یاسای بنەڕەتی، ئامانج‌و خواستە بنچینەییەکانی کۆمەڵگا، لەوانە گرنگیدان بە خۆشگوزەرانیی گشتی پێناسە دەکات.

- هەموو یاساکان دەبێت بەپێی یاسا بنەڕەتییەکان دابڕێژرێن. لە حکومەتی گەلیدا دەزگایەکی سەربەخۆی دادوەریی ڕێگا بە

هاوڵاتیانی دەدا کە ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکان کۆکو ناتەبایە، دژایەتی بکەنو داوا لە دادگا بکەن بۆ چارەسەرکردنی کردەوەو بڕیاراتی ئەو بەرپرسانەی کە کاری نایاسایی دەکەن.

- یاسای بنەڕەتی، چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتو بیاڤی تواناو هێزیان، شێوەی بەکارهێنانی ئەو هێزەو ڕەوتی تێپەڕاندنی یاساکانی دیکە دەستنیشان دەکات.

- یاسای بنەڕەتیی بەرنامەو پەیڕەویکردن پێناسە دەکاتو بنەمای هەڵبژاردنی خاوەن مەرجەکانی دەنگدانیش دیاری دەکات.

- یاسای بنەڕەتیی بنەمای دامەزراوە سیاسی، جێبەجێکارو دادوەریی وڵات و هەروەها ستراکتۆری دەزگای یاسادانەرو دادگاکان، مەرجەکانی دروستکردنی حکومەتی هەڵبژێراوو مەرجەکانی حکومەت بۆ بەرپرسانی هەڵبژێراو دەستنیشان دەکات.

یاسای بنەڕەتیی ئەرکەکانی وەزارەتخانە حکومییەکان بەیان دەکاتو ڕێگا بە بەرپرسان دەدات تاکو لە هەوڵی کۆکردنەوەی سەرانەو پێکهێنانی هێزێکی بەرگریی نەتەوەییدا بن.

- یاسای بنەڕەتی لە نیزامێکی فیدراڵدا

دەسەڵات لەنێو ئاستە جیاجیاکانی حکومەت دابەش دەکات.

- بەهۆی ئەوەی کە یاسا لە قۆناغێکی تایبەتی لە زەمەندا دەنووسرێت، دەستکاریکردنی لە هەندێک قۆناغی دیکەدا پێویستییە تاکو بتوانرێت لەگەڵ پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان لە داهاتوودا ڕێک بخرێت.

بەگشتی، یاسا بنەڕەتییەکان بەشێوەیەک دەنووسرێن کە بنەما گشتییەکانی حکومەت دەستنیشان دەکات.

یاسای بنەڕەتی، بەگشتی بەسەر دوو لایەنی یاسایی پۆزەتیڤو نێگەتیڤ دابەش دەبێت.

مافە نێگەتیڤەکان بە حکومەت دەڵێت کە چ کارگەلێک نابێ ئەنجام بدات. ئەم مافە دەسەڵاتی حکومەت بەرتەسک دەکاتەوەو پێش ڕووبەڕووبوونەو گەلێکی دیاریکراو لەگەڵ خەڵکدا دەگرێت.

بۆ نموونە حکومەت دەبێ خۆی لە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی بەیانو مافی پێکهێنانی ڕێپێوانە ئاشتیخوازەکانو قۆڵبەستکردنو دەستبەسەرکردنی نایاسایی

بوێرێت.

مافە پۆزەتیڤەکان بە حکومەت دەڵێت چ کارگەلێک دەبێت ئەنجام بداتو بە شارۆمەندان دەڵێت چ کارگەلێک ڕێپێدراوە. ئەم مافە ڕێپێدراوانە ڕەنگە مافە کۆمەڵایەتی، ئابووریو کلتووری لە ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت.

## ئازادیی بەیان

ئازادیی بەیانو ڕادەربڕین بەتایبەتی لە بواری پرسە سیاسییەکانو پرسە گشتییەکان شادەماری سەرەکیی هەر حکومەتێکی گەلییە. حکومەتەگەلییەکان چاودێری بەسەر هەموو ڕاوبۆچوونێک لە ڕاگەیەنەکان ناکەن. بەم شێوەیە لە حکومەتەگەلییەکان دەنگ و ڕای جیاوازو تەنانەت ناکۆک لەگەڵ سیاسەتی حکومەتەکان دەبیسترێنو دەبیندرێن.

بەگوێرەی باوەڕی تیۆری داڕێژرانی حکومەتەگەلییەکان، وتووێژی ئازادو ڕاستەوخۆ زۆرجار باشترین هەڵبژاردنی لێ دەکەوێتەوەو ئەگەری هەڵەی کەم تێدا دەبینرێت.

- خەڵک سالاری پشتی بەستووە بە خوێندەواری و دەستوێڕاگەیشتنیان بە ناوەندە زانیارییەکان، دەرفەتی بەشدارییان لە ژیانی گشتی کۆمەڵگاکەیانو هەروەها ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانی ناکارامەی حکومی یان سەرەڕۆ بەرهەڤ دەکات. شارۆمەندانو نوێنەرانی

هەڵبژێراوی ئەوان دەزانن کە خەڵک سالاری لەسەر پایەی بەربڵاوترین دەستوێڕاگەیشتن بە بۆچوونەکان، دیکۆمێنتەکانو باوەڕمەندییەکان ڕاوەستاوە.

بۆ ئەوەی کە خەڵک بتوانن بەشێوەی ئازادانە لەگەڵ حکومەت بەرەوڕوو بن، پێویستە لە ڕاکانیان بەشێوەی نووسراوە یان بەشێوەی ئاخاوتن ئازادبن، تاکو بتوانن بۆچوونەکانیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ، گشتیو بەردەوام بهێنەگۆڕێ.

ـ بنەمای ئازادیی بەیان، دەبێ لەلایەن یاسای بنەڕەتیی خەڵک سالارەوە بپارێزرێت تاکو پێش بە هەندێک پێشێلکاریی لەلایەن بەرپرسانەوە بگیردرێت.

پشتیوانی لە ئازادیی بەیان بە کارێکی نێگەتیف لەقەڵەم دەدرێتو بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆی یاسا کە بە پۆزەتیف دادەنرێن بە ئاسانی داوا لە حکومەت دەکات تاکو پێش بە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی بەیان بگرێت.

ـ ناڕەزایەتییەکان، لە بیاڤی تاقیکردنەوەی هەمووحکومەتە خەڵکسالارییەکان دەژمێردرێت، هەربۆیە مافی کۆبوونەوەی ئاشتییانە، مافێکی

پێویستەو ڕۆڵێکی گرنگ بۆ بەکارهێنانی ئازادیی بەیان دەگێڕێت. کۆمەڵگای مەدەنی بۆ خەڵکانێک کە زۆر بە توندی دژی کۆمەڵێک بابەتن ڕێگا بۆ بەهاتنەئارای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە دەهێنێتە گۆڕێ.

ـ ئازادیی بەیان مافێکی پێویستە، بەڵام بەس نییەو ناتوانرێت بۆ پاساوهێنانەوەی توندوتیژی، ناوناتۆرە، بێ ڕێزیکردن، خراپەکاری یان گوتاری توندئاژۆیانە کەڵکی لێ وەربگیردرێت. حکومەتە سەقامگیرە خەڵک سالارەکان، زۆرجار بۆ پاساوهێنانەوەی ڕێگرتن لە وتووێژگەلێک کە ڕەنگە توندوتیژی لێ بکەوێتەوە یان ڕابردووی کەسێک بە ناهەق خەوشدار بکات، یان ببێتە هۆی ڕووخانی حکومەتی مەشرووتە یان پەرە بە هەڵسوکەوتی توندئاژۆیانە بدات، زۆرجار بە ڕادەیەکی بەرز دەکەونە ژێر هەڕەشەو مەترسییەوە. زۆربەی حکومەتەگەلییەکان، پێش بەو گوتارو ئاخاوتنانە دەگرن کە دەبێتە هۆی برەودان بە توندوتیژییە ڕەگەزیی یان نەتەوەییەکان.

ـ ئاستەنگی بەردەم خەڵک سالاری، دامەزراندنی هاوسەنگی لەنێوان بەرگری لە ئازادیی بەیانو کۆبوونەوەو دژایەتی لەگەڵ

بابەتگەلێک کە بەشێوەی کەتوار بەرگری لە توندوتیژی، ترسو تۆقاندنو گێرەشێوێنی دەکات.

# حکومەتی وەڵامدەر

حکومەتی وەڵامدەر بەو مانایە کە بەرپرسانو کاربەدەستانی پلەبەرزی حکومی (هەڵبژێراویان دەستنیشانکراو) ئەرکە لەسەریان کە لەمەڕ بڕیاراتو کارکردەکانیان وەڵامدەری هاوڵاتیانیان بن.

وەڵامدانەوەی حکومەت بە کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمگەلێکی جیاواز دێتە ئاراوە، ئەو ناوەندانەی کە بە مەبەستی پشگیریی لە گەندەڵی پێکهاتوون، گەرانتی ئەوە دەکەن کە کاربەدەستانی حکومی بەردەوام وەڵامدەرو لە خزمەتی خەڵکدا بن. لە کاتی نەبوونی وەها میکانیزمگەلێک ئەگەری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی گەندەڵی دێتە ئاراوە.

- میکانیزمی سەرەکی وەڵامدانەوەی سیاسی، هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانەیە. هەڵبژاردنەکانو خولەکانی خزمەتی دیاریکراو، بەرپرسانی هەڵبژێراو ناچار دەکات کە لە

هەمبەر کارو کردەوەکانیان وەڵامدەر بنو بۆ ڕکەبەرە پاڵێوراوەکان دەرفەتێک پێک بێنێ تاکو هاوڵاتیان بتوانن خەڵکانی جێی متمانەی خۆیان دەستنیشان بکەن. گەر بێتو دەنگدەران ڕەزامەندییان لەسەر کارکردنی بەرپرسێک نەبێ، ڕەنگە کاتێک خولی خزمەتەکەی کۆتایی پێ هات، ئیدی دەنگی پێ نەدەنەوە.

- ئەم کارە کە بەرپرسانی حکومی تا چ ڕادەیەک لەڕووی سیاسییەوە وەڵامدەرن، بەستراوەتەوە بەوەی کە پۆستەکەیان دەستنیشان کراوە یان هەڵبژێراوە، هەر بە چەند ماوە سەرلەنوێ هەڵدەبژێردرێنو چەند خول دەتوانن پۆستیان هەبێت.

میکانیزمەکانی وەڵامدەری یاسایی بریتیە لەم خاڵانە: یاسای بنەڕەتی، پەسەندکراوەکانی دەسەڵاتی یاسادانەر، فەرمانەکان، یاساکان،... و ئەو دەسەڵاتە یاساییانە کە دەستنیشانی دەکەن، بەرپرسانی حکومی چ کارگەلێک دەتوانن جێبەجێ بکەنو چ کارگەلێک ناتوانن و هەروەها هاوڵاتیان چلۆن دەتوانن بە دژی بەرپرسانێک کە کارەکانیان جێی ڕەزامەندی نییە، بڕیاری لەسەر بدەن.

دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆ پێویستییەکی

سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لە بواری وەڵامدەری یاساییە، میکانیزمەکانی وەڵامدەری یاسایی بریتین لە:

پێوەرە مۆراڵییەکانو بنەماکانی هەڵسوکەوت بۆ بەرپرسانی حکومی، کە وێنایەکی گشتی لە شێوازگەلی نەسواو پێشکەش دەکات، پارادۆکسی بەرژەوەندیو یاساکانی پێوەندیدار بە ئاشکراکردنی سامانەکانیان، بەرپرسانی حکومی ناچار دەکات کە سەرچاوەی داهاتو سامانەکانیان ئاشکرا بکەن تاکو هاوڵاتیان بتوانن دادوەریی بکەن کە ئاخۆ بەرژەوەندیی ماڵی بەرپرسان بەشێوەیەکی نەگونجاوو ناشایستە باندۆری لەسەر کردەوەکانیان دادەنێت یان نا؟

لێکۆڵینەوەی دادوەری، ئەم دەسەڵاتە بە دادگاکان دەدا کە بڕیاراتو کردەوەکانی بەرپرسانو ڕێکخراوە حکومییەکان وەبەر لێکۆڵینەوە بدات.

- میکانیزمەکانی وەڵامدانەوەی بەڕێوەبەریی بریتیە لەو ئیدارانەی کە لە بازنەی سازمانەکانو وەزارەتخانەکانو بەشێکن لە ئۆرگانە بەڕێوەبەرییەکانو بەجۆرێک ڕێکخراون کە بڕیاراتو کردەوەکانی بەرپرسان لە ڕاستای بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بێت.

میکانیزمەکانی وەڵامدەری بەڕێوەبەریی بریتین لە:

ناوەندەکانی بەهاناوەهاتنی سکاڵای خەڵک.

ژمێریارە سەربەخۆکان، کەڵکوەرگرتن لە سەرمایەگەلی نەتەوەیی، بە وردی تاووتوێ دەکەن تاکو پێش بە خەڵکانی گەندەڵ و کەڵکئاژۆ بگرن.

دادگا بەڕێوەبەرییەکان کە ئەرکی پێڕاگەیشتن بە سکاڵاکانی خەڵکیان وەئەستۆیە.

## هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە

هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە ڕێگا بە خەڵکانێک کە لە وڵاتێکی دیموکراتیی پارلەمانیدا دەژین دەدا، تاکو پێکهاتەی سیاسیو ئاراستەی سیاسەتەکانی داهاتووی خۆیان دابڕێژن.

- هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە ئەگەری گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات بەرز دەکاتەوە، وەها هەڵبژاردنێک گەرەنتی دەکات کە پاڵێوراوە سەرنەکەوتووەکان، دان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەنێنو دەسەڵات بە حکومەتی نوێ ڕادەست دەکەن.

- هەڵبژاردنەکان، بە تەنیایی، دیموکراسی گەرانتی ناکات، چونکە دیکتاتۆرەکان دەتوانن لە ڕێگای کەرەستەکانی حکومی لە ڕاستای دەستێوەردانو چەواشەی ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا کەڵک وەربگرن.

هەڵبژاردنی ئازادو یەکسان ئەو خاڵانەی خوارێ لەخۆ دەگرێت:

ـ مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەموو ژنانو پیاوانی مەرجداری دەنگدان لە حکومە دیموکراسییەکان پارێزراوە و یان دیموکراسی تەنیا ئەم مافە بە خوێندەواران یان ساماندارانی بە ڕەوا نابینێت.

ـ ئازادیی خۆپاڵاوتن بۆ پۆست یان دەنگدان.

ـ ئازادیی بەیان بۆ پاڵێوراوانو حیزبە سیاسییەکان، دیموکراسییەکان هیچ چەشنە بەربەستیو ئاستەنگییەک بۆ پاڵێوراوان یان حیزبە سیاسییەکان، لە هەمبەر ڕەخنەگرتن لە کارکردی بەرپرسانی حکومی لەبەرچاو ناگرن.

ـ دەرفەتی زۆر بۆ لێژنەی هەڵبژێردراوان لە ڕاستای وەرگرتنی زانیاریی بێلایەنانە لە ڕاگەیەنە ئازادەکان.

ـ ئازادیی گردبوونەوە بۆ بەڕێوەبردنی پلانو کۆبوونەوە سیاسییەکان.

ـ یاساگەلێک کە بە پێویستی بزانن، نوێنەرانی حیزبەکان لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان لە ناوەندەکانی دەنگدان دوور بن ـ کارگێڕانی هەڵبژاردنەکان، کەسانێک کە بەشێوەی ئارەزوومەندانە لە ناوەندەکانی دەنگدان سەرقاڵی چالاکینو چاودێرانی نێونەتەوەیی دەتوانن لە

پرۆسەی دەنگداندا یارمەتیی دەنگدەران بدەن نەک لە هەڵبژاردنی کەسێک کە دەنگدەر دەنگی پێ دەدات.

- لە سیستمێکی بێلایەن یان هاوسەنگ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانو پێڕاگەیشتن بە ڕاستیو دروستی هەڵبژاردنەکان - کارمەندانی ڕاهێنراوی هەڵبژاردنەکان دەبێت لەڕووی سیاسییەوە بەستراوە بە حیزب نەبن و یان ئەوەی کە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان دەبێت نوێنەری حیزبەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنەکان بن.

- ناوەندەکانی دەنگدان دەبێت لەبەردەستی گشتیدا بێتو دەبێت شوێنی تایبەتی بۆ دەنگدەران لەبەرچاو گیرابێتو سندووقەکانی دەنگدان پارێزراوو ژماردنی دەنگەکان بەشێوەی شەفافو ڕوون بێت.

دەنگدانی شاراوە، دەنگدانێک کە لە ڕێگای وەرەقەی تایبەتەوە دەنگی شاراوە گەرانتی دەکات کە هەڵبژاردنی حیزب یان پاڵێوراوێک لەلایەن دەنگدەرەوە نابێتە هۆی دروستبوونی دژایەتیو ترس بۆ دەنگدەر.

- پشتگیری یاسای لە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان، دەبێ یاسایەکی جێبەجێکاری

بۆ پێشگیری لە دەستکاری لە دەنگەکاندا بێتە ئاراوە.

- سەرلەنوێ ژماردنی دەنگەکانو پێراگەیشتن بە سکالاکان - پرۆسەگەل و میکانیزمگەلێک بۆ تاووتوێی دووبارەی قۆناغەکانی هەڵبژاردن دەبێ جێبەجێ بکرێت تاکو هەمووان بەوە دڵنیابن کە هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی یاساییو ڕاست بەڕێوەچووە.

- شێوازەکانی دەنگدان لە وڵاتە جیاجیاکانو تەنانەت لە وڵاتێکدا بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێت کە بەم شێوازەی خوارێیە.

- وەرەقەکانی دەنگدان - دەنگەکان لەسەر وەرەقەیەک دەستنیشان یان کونی تێدەکرێت.

- وەرەقەکانی دەنگدان بە وێنەی پاڵێوراوان یان هێمای حیزبەکانە تاکو ئەو شارۆمەندە نەخوێندەوارانە بتوانن ڕاستو دروست دەنگەکەیان بخەنە سندووقەکانەوە.

- سیستمی ئەلکترۆنیکی، دەنگدەران لە ڕێگای دەزگایەکی تایبەتییەوە دەنگی خۆیان دەدەن.

- وەرەقەکانی دەنگدانی شاراوە، بۆ ئەو کەسانەیە کە ڕەنگە نەتوانن لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، ڕێگا دەدات

که وەرەقەکانی دەنگدان پێش لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بهاوێژنە سندووقەکانەوە.

## ئازادیی ئایین

هەموو هاوڵاتیان دەبێ لە بواری باوەڕمەندییە ئایینییەکان ئازادیی پەیڕەوکردن لە ئایینەکانیان هەبێ. ئازادیی ئایین بریتیە لە مافی باوەڕمەندی تاکی یان گرووپی، لە کۆدا یان بەپێچەوانە لە بۆنە ئایینییەکان، بەڕێوەبردنی ئەرکو پەروەردەی ئایین بەبێ هیچ چەشنە ترسو دڵەڕاوکە بە گرتنو ئازار لەلایەن حکومەت یان خەڵکانی دیکەی کۆمەڵگایە.

- هەموو خەڵک مافی بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانیانو هەروەک دروستکردنی شوێنە پیرۆزەکانیانی پێوەندیدار بە ئایینەکەیان هەیە.

- ئازادیی ئایین هەروەک هەموو مافە بنەڕەتییە مرۆییەکان لەلایەن حکومەت دروست یان نابەخشێندرێت، بەڵکو هەموو وڵاتان دەبێت پارێزگاری لێ بکەن. حکومەتە گەلییەکان لە

پێوەندی لەگەڵ ئازادیی ئایین، زمانیش لە یاسا سەرەکییەکان دەگونجێنن.

ـ لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە کۆمەڵێک لە وڵاتە خەڵک سالارەکان جیایی لەنێوان کڵێساو حکومەت بە فەرمی بناسن، کە ئەمە نابێتە هۆی دژایەتیکردن لەگەڵ ئایین.

ـ حکومەتە خەڵک سالارەکان بۆ هاوئاهەنگی کاروبارە ئایینییەکان، ناوەندگەلی حکومی یان سەنتەری فەرمی دانامەزرێنن، بەڵکو داوا لە ناوەندە ئایینییەکان دەکەن کە بۆ کاروبارە ئایینی یان باجەکان لە دەزگا حکومییەکان ناوی خۆیان وەک دەستەو تاقمە ئایینییەکان تۆمار بکەن.

ـ حکومەتگەلێک کە پشتگیری لە ئازادییە ئایینییەکان دەکەن، زۆرتر گرنگی بە مافە ئایینییەکان دەدەن.

حکومەتە دیموکراتەکان پتر هەست بەوە دەکەن کە دەبێ ڕێز بۆ ئازادییە ئایینییە تاکەکان بگرن.

حکومەتە دیموکراسییەکان هەروەها:

ـ ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکان، وانەو ئاخاوتنە ئایینییەکان دەستنیشان ناکەن.

ـ دنەدانو هاندانی بۆ لای توندوتیژی ئایینی

بە دژی خەڵکانی دیکە یاساغ دەکات.

- بەرگری لە ئەندامانی گروپە کەمینە ئیتنیکی، ئایینی یان زمانی دەکات.

- ڕێگا بە خەڵک دەدا کە لە بۆنەو یادبوودە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە ئایینەکەیان بەشداری بکەنو ڕۆژە پیرۆزەکانیان جێژن بگرن.

- بۆ حکومەتو بەرپرسە ئایینییەکان، دامەزراوە ناحکومییەکانو ڕۆژنامەوانان، دەرفەتی ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی ئایینی دەدرێت.

## مافەکانی ژنان و کچان

هەڵاواردن بە دژی ژنان بەو واتایە کە یاساگەلێک یان دابونەریتی تایبەتی، لەسەر بنەمای ڕەگەز، سووکڕوانین بە ڕەگەزی بەرانبەرە.

- حکومەتە دیموکراتەکان دەبێ بۆ پاراستنی مافی ژنان ئاکتیڤ بن. هانی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا یان حکومەت بداتو شوێنیان بۆ تەرخان بکات تاکو بتوانن بەشێوەی ئازادانە کۆببنەوەو ڕوانگەو بۆچوونەکانیان بە ڕوونی بەیان بکەن.

- مافە یاساییەکانی ژنان بریتیە لە مامەڵەکردنی بەرابەری یاسا لەگەڵ ئەوانو دەستوێڕاگەیشتن بە سەرچاوە یاساییەکانە.

- ژنان دەبێ مافی خاوەنداریەتیو (میراتی) هەبێت.

- ژنان دەبێ دەرفەتی بەشداری لە داڕشتنو

بەڕێوەبردنی یاسا سەرەکییەکانو یاساکانی دیکەیان هەبێت.

ـ مافە سیاسییەکانی ژنان بریتیە لە مافی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، مافی بەشداری لە کارە حکومییەکان، بەشداری لە دامەزراوە حکومییەکان.

ـ سیستمە دیموکراتەکان دەبێ پشتیوانی لە پلانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (هەم حکومیو هەم ناحکومی) بکەن، کە دەبێتە هۆی ڕاهێنانو پەروەردەکردنی ژنان بۆ کاروبارە سیاسیو یاساییەکان.

ـ چالاکیی ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە هۆی پتەوتربوونی پایەکانی حکومەت.

ـ ژنانو کچان دەبێ مافی ڕاهێنانە سەرەتاییەکانیان هەبێت، ئەوان نابێت لە مافی بەشداریکردن لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خوێندن بێبەری بکرێن.

مافە ئابوورییەکان بۆ ژنان، دەرفەتی چاودێری بەسەر سامانە ئابوورییەکانیان دابین دەکاتو یارمەتیان دەدا تاکو بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووریان بە لاڕێدا نەچن، ئەو مافانە بریتیە لەو خاڵانەی خوارێ:

- بوونی ماوەی پشوو لە کاتی دووگیانی یان پێکهێنانی ژیانی هاوبەش.

- سیستمە دیموکراتەکان دەبێ لە هەوڵی دابینکردنی ناوەندە ساغڵەمییەکانی تایبەت بە ژنانو کچان بین.

- مافی بەهرەمەندبوون لە دەرامەتو ڕێزگرتنی بەرابەر لە شوێنی کار.

- پێشگیری لە نەخۆشی ئایدز، کە لە دایکەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ.

- بەربەرەکانی بە دژی ئەو کەسانەی بازرگانی بە ژنانو کچانەوە دەکەنو بە زۆر ناچار بە لەشفرۆشیان دەکەن.

- بەربەرەکانێ لەگەڵ لەشفرۆشی بەگشتی.

- چاودێریی پزشکی بۆ ئەو ژنانەی کە لە قۆناغی دووگیاندان.

- ڕاهێنانی کۆمەڵایەتیو پزشکی بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنێکی گونجاودا نین بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش.

- پشتگیری لە ناوەندەکانی بەرگری لە توندوتیژیو دەستدرێژی بۆ سەر ژنان.

- کۆتاییهێنان بە خەتەنەکردنی ژنان.

# حکومەت لە ڕەوگەی بەرە یان ڕێکەوتن

هەر کۆمەڵگایەکی خاوەنی گروپگەلی جیاوازە کە هەرکامیان تێڕوانینی جیاوازیان لەمەڕ پرسە گرنگەکاندا هەیە. کە دیارە حکومەتە دیموکراتەکان ئەمە بە بەرژەوەندی بۆ وڵات لەقەڵەم دەدەن.

ـ حکومەتە دیموکراتەکان کاتێک سەرکەوتن بەدەست دێنن، کە سیاسەتوانانو بەرپرسانیان لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ئاڵۆزەکان پلانی توکمەو کارا بگرنەبەر.

ـ ئازادیی کۆبوونەوەکانو ڕاگەیاندنەکانو ئاڵوگۆڕی ڕا، گرنگی پێ دەدرێت. ئەم دەرفەتە مەجالی ناسینی کێشەو ئاریشەکانی کۆمەڵگا دێنێتە ئاراوەو مەجال بۆ گروپە جیاجیاکان دەڕەخسێنێت کە لەمەڕ کێشەکان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن.

بەرە کاتێک پێک دێت کە گروپە هاوبەرژەوەندییەکان یان حیزبە سیاسییەکان تەنانەت گەر لەسەر کۆمەڵێک پرس بە تەواوی دژی یەکتر بن، لەسەر هەندێک بابەت یان پرس دەتوانن ڕێکەون.

ڕێکەوتن لەسەر هەندێک بڕیارو خاڵی گرنگ، وا لە دەسەڵات دەکات کە پتر گرنگی بە کاری بەڕێوەبەری بدات.

- لە سیستمی پارلەمانی، گروپە سیاسییەکان کۆمەڵێک هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ساز دەکەن تاکو لەم ڕێگایەوە خواستەکانی خۆیان بەربڵاوتر بکەن.

لە سیستمی کۆماریدا، هەندێک کات یاسادانەران بۆ ساغبوونەوە لەسەر هەندێک پرسی زۆر گرنگ بۆ خۆیانو بۆ هەڵبژێراوانیان، سنووری حیزبەکان دەشکێنن.

- بەرە زیاتر خوازیاری ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسیی دەسەڵاتدار خۆی لەگەڵ ویستی زۆرینەی لایەنەکان بگونجێنێ تاکو بەم شێوە باشتر پلانەکان بەڕێوە ببرێت.

- لەبەرئەوەی کە ئەو حکومەتانەی کە بەهۆی هاوپەیمانی چەند لایەن پێک دێن، کە زۆر کات ڕوانگەی جیاوازیان تێدا دێتە ئاراوە،

ئەگەری هەڵوەشانەوەی حکومەت تێدا شیمانە دەکرێت.

لە هەندێک لە حکومەتە دیموکراتەکان پێکهاتنی بەرەو دواتر هەڵوەشانەوەی تەنانەت لە ساڵدا چەند جار ڕوودەدات.

# ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

لە دیموکراسییەکان، شارۆمەندان دەتوانن گروپگەلی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە ڕاستای بەرژەوەندیی کۆمەڵگاو وڵاتێکدا بێت کە تێیدا دەژین، ئەم ڕێکخراوانە کەموکورتییەکانی حکومەت پڕ دەکەنەوەو تەنانەت ڕەخنە لە کاری کردی حکومیش دەگرن. زۆرتر بە وەها ڕێکخراوگەلێک دەڵێن ڕێکخراوگەلی ناحکومی یان (NGO)کان، چونکە ئەوان ژێر کۆی ئیدارە حکومییەکان نین.

ـ (NGO)کان بە پەروەردەو پاڵپشتیکردن لە پرسە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها بە چاودێریکردن بەسەر کەرتە ئابوورییەکانو شێوەی کارکردیان، ڕێگا بە هاوڵاتیان دەدەن کە کۆمەڵگاکەیان بەرەوپێش ببەن.

(NGO)کان هانی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە شارە جیاجیاکان نیشتەجێبوون دەدا کە هەموو

هێزو تواناکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا وەگەڕ بخەن.

(NGO)کان لە زۆر ڕووەوە لە خزمەتی هاوڵاتیاندایە. ئەوان دەتوانن لە بواری کۆمەڵایەتیی ژینگەپارێزی، ئابووری، گۆڕانە دیموکراتیکەکان، هاریکاری کۆمەڵگاکانیان بکەن.

(NGO)کان نوێنەرانی بەرژەوەندیی شارۆمەندانن کە دوورن لە لاگیری سیاسیی حیزبی...

- بودجەی (NGO)کان زیاتر لە ڕێگای کەرتە تایبەتەکانەوە، یارمەتییە مرۆییەکان، کۆمپانیاکان، دامەزراوە ئایینییەکان، دامەزراوە نێونەتەوەییەکانو... دابین دەبێت.

- ڕەنگە (NGO)کان لەسەر بنەمای هزری حیزبی بونیات نرابێو لە هەوڵی ئەوەدا بن ئامانجێکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەڵێک ئامانجی دیکە لە ڕاستای بەرژەوەندیی گشتی بگرنەبەر. بەهەرحاڵ خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە (NGO)کان دەبێ کەمترین چاودێریی سیاسییان لەسەر بێت.

(NGO)کان کۆمەڵێک بەرنامەی ناوخۆییو نێونەتەوەیی تاڕادەیەک لە هەموو بوارەکان

که یارمەتی بە پەرەی بنەماکانی دیمۆکراسی بدات، دادەڕێژێت کە ئەم بەرنامانە بەو شێوەی خوارێیە:

ـ مافی مرۆڤ، لە ڕێگای گەشەو پەرەی پێوانە نێونەتەوەییو چاودێریکردن بەسەر کارو کردەوەکانی حکومەت.

ـ حکومەتی یاسامەند، لە ڕێگای یارمەتییە یاساییە بێبەرانبەرەکان یان بە تێچوویەکی کەم، پەروەردەو ڕاهێنانی هەموو هاوڵاتیانو ئاشناکردنیان بە مافەکانیانو پشتگیری لە چاکسازییە یاساییەکان.

ـ بەشداریی ژنان، لە ڕێگای پاڵپشتیو بەشداریکردنی ژنان لە بواری سیاسیو نەهێشتنی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتیو ئابووری.

ـ پەروەردە مەدەنییەکان، لە ڕێگای ڕاهێنانیانو کۆمەڵێک بەرنامە بۆ هاوڵاتیانو ئاشناکردنیان بە کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ، دیموکراتیکو...

ـ ڕاگەیاندنە ئازادەکان، بەرگریو یارمەتیدانی ماڵی بە دەزگا ڕاگەیاندنە سەربەخۆکانو ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانان بە پێوەرەکانی ڕۆژنامەوانیو ئەخلاقی.

ـ وەڵامدانەوەی حکومەت، لە ڕێگای

شیکردنەوەو ڕاڤەی سیاسەتەکانی حکومەتو چاودێریی ورد بەسەر کارو کردەوە حکومییەکان.

# خوێندەواریو خەڵك سالاری

خوێندن مافێکی جیهانی مرۆڤە. ئەم مافە هەروەها کەرەستەیەکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی دیکەو کەرەستەی وزەدەری کۆمەڵایەتیو ئابوورییە. هەموو وڵاتانی جیهان لە ڕێگای جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤەوە ڕەزامەندیی خۆیان لەمەڕ بەهرەمەندیبوونی هەموو مرۆڤەکان بۆ خوێندن دەربڕیووە.

هەموو کۆمەڵگاکان، پێوەرە کۆمەڵایەتیو کلتووریو دابونەریتەکانیان پشت بە پشت دەگوازنەوە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان خوێندەواریو بایەخەکانی خەڵک سالاری لەئارادایە: لە کۆمەڵگا خەڵک سالارەکان، پشتیوانی لە وانەکانی حکومداری دیموکراتیک دەکرێت.

- خوێندنگا حکومییەکان دەبێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە نەتەوەیی یان ئایینی یان ڕەگەز یان کەموکوڕییە جەستەییەکان

بەشێوەیەکی یەکسان لە خزمەتی هاوڵاتیاندا بێت.

ـ کەرتە تایبەتەکانو گروپە ئایینییەکان دەبێت بۆ دروستکردنی خوێندنگاکان ئازاد بنو یان بنەماڵەکان دەتوانن بۆ پێداگۆژی منداڵەکانیان کەڵک لە خوێندنگا وەرنەگرن هەر لە ماڵەوە لە ڕێگای مامۆستای تایبەتییەوە منداڵەکانیان فێری خوێندن بکەن.

ـ بنەماو بنچینەکانی خەڵک سالاری دەبێ وەک وانە بووترێنەوە تاکو خەڵک شارەزای ئەرکەکانی شارۆمەندیو ڕێز لە مافەکان بگیردرێت.

ـ بەرنامەکانی فێرکاری لە حکومەتەگەلییەکان بریتیە لە: مێژوو، جوگرافیا، ئابووری، وێژە، فەلسەفە، یاسا، هونەرەکان، زانستە مرۆییەکان، بیرکاریو فیزیایی، کە دەبێت هەموو خوێندکاران بەگوێرەی توانایان بە کچو کوڕەوە تێدا بەهرەمەند بن.

ـ پەروەردەکردنی خوێندکاران هەر لە قۆناغی خوێندکارییەوە دەبێتە هۆی برەودان بە حکومەتی دیموکراتیک لە داهاتوودا.

ـ ناوەندە مەدەنییەکان دەبێتە هۆی پتربوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای دیموکراتیکدا.